KURDISTAN NET کوردستان نێت

# ئەرێ کورِینە ، ئەو گەمژانە کێن ؟!

دەرسیم دیبەگەیی

20.6.2004

لە ئێراقی ئەمڕۆدا ژمارەی ئایەتووڵڵاکان گەر لە ژمارەی ڕەفیقەکان زۆرتر نەبێت، ئەوە هەرگیز کەمتر نیە ، تاکە جیاوازی نێوانیان جلەکانیانە، ڕەفیقەکان بە جلی سەوزو دەمانچەکانی لا تەنیشتیان دەناسرانەوە، ئایەتووڵڵاکانیش بە عەمامەی سەریان و شمشێرەکانی دەستیانەوە دەناسرێنەوە. دەربارەی بیروبۆچوونیان لەمەڕ دۆزی کوردو کوردستان، بەموو جیاوازی نیە لەنێوانیاندا. بەعسیەکان پێیانوابوو، کورد دەبێت لەناو ئێراقدا خۆی بتوێنێتەوە بۆ ئەوەی هەموو مافێکی ئێراقی بوونی هەبێت واتە، کورد ببێت بە عەرەب و کوردبوونی خۆی و نیشتیمانەکەی کە کوردستانە لەبیر خۆی بباتەوە ، خۆی و نیشتیمانەکەی بەبەشێک لە نەتەوە و خاکی عەرەب بزانێت . ئایەتوڵڵاکانیش ، لەسەرەوەی هەمویان دیکتاتۆری ئیسلامیەکان عەلی سیستانی، گەر لە سەدام و عەبدولباری عەتوان بیروبۆچوونەکانی ژەهراویترو پیستر نەبێت ، ئەوە باشتر نیە . ئەو ئایەتوللایانە پێیانوایە، مادام کورد موسوڵمانن دەبێت داوای دەستوور و حکومەتێکی ئیسلامی بکەن بۆ عێراقی ئایندە و کوردیش لەژێر سێبەری ئەو حکومەتەدا وەکو موسوڵمانێک مافی خۆی دەبێت . واتە هەردوولایان ، یەکێکیان لەژێر ناوی ئێراقی و ئەویتریان لەژێر ناوی ئیسلامییەوە دەیانەوێت کورد بکەن بە عەرەب و کوردستان بکەن بە عەرەبستان . هەردولایان وادەزانن لە قورئانە عەرەبیەکەیاندا نوسراوە کوردستان لە ئەزەلەوە بەشێک بووە لە ئێراقی عەرەبی و خاکی ئەوانەو ئێمەی کورد دەمانەوێت لێیان زەووت بکەین و لە ئێراقی ئەوانی جیابکەینەوە. بەبۆچوونی هەردوولایان کورد تەنیا ئەو کاتە ماڤی دەبێت ، گەر بێت و وەکو ئێراقی یان موسوڵمان بیربکاتەوە . لەهەردوو دۆخیشدا گەر خۆی بە ئێراقی بزانێ یان پابەندبێت بە ئیسلام ، واتە کورد خۆی مەرگی خۆی و کوردستانەکەی ڕاگەیاند . ئەوانەی ئەمڕۆش ڕوودەکەنە بەغداو وادەزانن کە تەنیاو تەنیا دۆزی کوردو کوردستان لەوێوە چارەسەر دەکرێت ، بیانەوێ و نەیانەوێ هەنگاو دەنێن بۆ ڕاگەیاندنی مەرگی کوردو کفن بەباڵای کوردستان دەبڕن .

کورد چۆن دەتوانێت لەگەڵ بیری بۆگەنی عەرەبی و ئیسلامی ڕێکبکەوێت، گەر ئەوان دان بەوەدا نەنێن کە بەرلە دامەزراندنی حکومەتی ئێراقی لە ساڵی 1920، کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێراق و بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 16.12.1925 بەزۆر بە ئێراقی عەرەبی (ویلایەتی بەغداو بەسرە) لکێنراوە.

لە ووتارێکی ڕۆژنامەی – الحیاة – ی عەرەبی ڕۆژی 11.6.2004 دا کە – حلیم الاعرجي – لەژێر ناوونیشانی: بداية متخمة بالشكوك وقلق من "مؤامرة": حكومة علاوي بين هاجس الامن و"المشروع" الامريكي. واتە" سەرەتایەکی نزیک لە گومان و دڵەڕاوکێ لە " پیلان ": حکومەتی عەلاوی لەنێوان بیری ئاسایش و "پڕۆژەی" ئەمریکیدا. لە ووتارەکەدا ئایەتوللایەک بەناوی زەین ئەلعابدین محەمەد تەقی ئەلحسنی دەڵێت" نحن نعجب ان یتمسک اخوتنا في الدين و الوطن و المصير المشترک، الاكراد، بقانون وضع خلف الكواليس الى جانب اجماع الاكثرية المطلقة بما فيها الاكراد، على رفضه". " ئێمە سەرمان سوڕدەمێنی کە برایانمان لە ئایین و نیشتیمان و چارەنووسی هاوبەش، کوردەکان، سوورن لەسەر یاسایەک کە لە پشت پەردەوە دارِژراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی هەرە زۆری و تیایاندا کوردەکانیش ڕەتی دەکەنەوە".

ئایەتوولڵایەکی تر لە سیستانی و لەوەی پێشووتر گەمژەتر بەناوی ئەبدولڕەحمان کامل ئەلمەولا " تحدی القادة الاکراد ان یوافقوا علی طرحه لاستیفتاء برعایة الامم المتحدة لیقبله شعبنا الکردي او برفضه"، معرباً عن ثقته بالرفض". ئەو گەمژەیە " لە سەرکردە کوردەکان داوادەکات بە (تەحەدی)ەوە بۆ ئەوەی ڕاپرسیەک لەسەر پێشنیاری ئەو پەسند بکەن لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی وولاتی ئێراق، نیشانیدا کە دڵنیایە کوردەکان یاساکە ڕەتدەکەنەوە".

دەربارەی قسەکانی زەین ئەلعابدین دوو شت بەدی دەکەم، یەکەمیان سەرسووڕمانی ئەو لەوەی کە کورد سوورن لەسەر یاساکە. ئەو بۆیە سەری سووڕماوە چونکە لە یاساکەدا ناوی عروبە و ئیسلامێتی وولاتی ئێراق نەهاتوەو باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فیدرالی بۆ کوردستان کراوە. دڵنیام لەوەی گەر ئەمەریکا یان بگرە ئیسرائیل یاساکەیان دارشتایە و بەبێ ئاگاداری ئەوانیش، تەنیا لە یاساکەدا بهاتایە ئێراق وولاتێکی عەرەبییە و سەرچاوەی سەرەکی دەستوورەکەی قورئانە و لە 18 پارێزگا پێکدێت و یاسای بەڕێوەبردنی پارێزگاکان لە هەر 18 پارێزگاکەدا جێبەجێ دەکرێت. ئەوە نەک هەر پەسندیان دەکرد، بەڵکو چەندین ڕۆژ تەقەی خۆشیان ڕانەدەگرت و بۆش و برێمەر و تونی بلێر هەر ڕۆژەی لە ماڵی یەکێ لەو ئایەتوولڵا شەریفانە میوان دەبوون. هەر وەکو چۆن کاتی خۆی دامەزراندنی ئێراقیان پەسندکرد لەسەر دەستی ئەو ئیمپریالیزمە حەیاتەی ئینگلیز و لەسەر حیسابی کورد و نەک نوزەشیان لێوە نەهات، بەڵکو ئێراقی دەستکردی ئیمپریالیزم وەکو ئایەتێکی قورئان بە پیرۆز دەزانن .

دووەمیان پێی وایە کورد تایبەتمەندێتی خۆی نیە و جیاوازنین لە عەرەب و خاوەنی خاکی خۆیان نین و شتێک نیە بەناوی کوردستانەوەو، ئێستا کورد نیازی وایە پارچەیەک لە خاکی ئێراقەکەی ئەوان بۆ خۆیان دابڕن.

ئەلعابدین پێمان دەڵێت ، کورد دەبێت کتومت وەکو عەرەب بیر بکاتەوەو نابێت بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆی ڕەچاو بکات و داوای مافەکانی خۆی بکات . مادام عەرەب کە زۆربەی ئێراق پێکدەهێنن و یاساکە ڕەتدەکەنەوە، کوردیش دەبێت ڕەتی کاتەوە . کوردی کەمینە لە ئێراقدا دەبێت ملکەچی هەموو یاساو فەرمانێکی زۆرینەی عەرەب بێت ، کورد موسڵمان و ئێراقین بۆ وەکو ئێمە (عەرەب) بیرناکەنەوە!

دەربارەی ئەوەی کە ئەلعابدین دەڵێت، کوردەکانیش یاسای کاتی بەرێوەبردنی وولاتی ئێراق ڕەتدەکەنەوە، ئەوە هەر لەنێو وەڵامی کامڵ ئەلمەولا، وەڵامی ئەو قسەیەی ئەویش دەدرێتەوە.

ئەلمەولا خۆزگە داوای ئەوەی لە سەرکردە کوردەکان دەکرد بۆ ئەوەی پەسندی ئەوە بکەن، کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپرسیەک لە کوردستان بۆ جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەنجام بدرێت . جا ئەو کاتی دەردەکەوت ، گەر کورد ئازادی هەبێت ، چی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت !

منێش دڵنیام قسەکەی ئەلمەولا تەواو دەردەچێت ، گەر بێت و کورد سەرپشک بکرێت لە نێوان هەڵبژاردنی سەربەخۆیی و یاساکە، زۆربەی هەرە زۆری کوردو لەسەرووی 90% دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات و یاساکە ڕەتدەکاتەوە ، کورد گەر هەڵی جیابوونەوەی هەبێت ، ئەوە هەرگیز بە فیدرالیش ڕازی نابێت. ئێستاش کە کورد یاسای کاتی پەسندکردووە لەبەر ئەوەیە کە بۆی ڕێک ناکەوێت بڕیاری ڕاگەیاندنی سەربەخۆی بدات، ئەگینا ئەو یاسایە هەموو ئاواتی کوردی نەهێناوەتە دی ، لەمەڕ ئەوەی کە ئەلمەولا دڵنیایە ، کوردەکان یاسای کاتی ڕەتدەکەنەوە، ئەوە درۆیەکی زڵەو گەمژەیی ئەو دەردەخەن. ئاهەنگگێڕان و ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکانی خەڵکی کورد و تەقەی خۆشی کردن لە هەولێر، کەرکوک ، سلێمانی، دهۆک ، خانەقین و تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دوای ڕاگەیاندن و ئیمزاکردنی یاساکە لە 8.3.2004 دا،

www.kurdistannet.org

قسەکانی ئەو ئایەتوولّلایە بە درۆ دەخەنەوە ، ئەوە جگەلە ئاهەنگ و خۆشی دەربڕینی کورد لە گشت پارچەکانی تری کوردستان وەکو پشتیوانیەک لە کوردی کوردستانی باشوور. هەروەها ناڕەزایی و دلّەڕاوکێی کورد لەناونەهێنانی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی وولاّتی ئێراق لە بڕیاری 1546 ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە 8.6.2004 دا، دووبارە قسەکانی ئەو ئایەتوولّلایە بەدرۆ دەخەنەوە .

بەلاّم کاتێ ئەو ئایەتوولّلایانە دەلێن" کوردەکانیش یاسای کاتی ڕەتدەکەنەوە" یان کە لەو باوەڕەدان کورد لە ئەنجامی ڕاپرسیەکی گشتیدا یاساکە ڕەتدەکەنەوە ، ئەو بۆچوونانەیان لەخۆڕا نیە .

کوردیش دلّنیان کە کەمینەیەکی کەم لە جاش ئیسلامیەکانی سەر بە مەلا عەلی عەبدولعەزیز، مەلا کرێکار، عەلی باپیر، مەلا ئازاد کەرکوکی و کۆمۆنیستە کۆسمۆپۆلیتەکان دەنگ دژی یاسای ناوبراو دەدەن . ئەوە نەبوو جاش ئیسلامێکی وەکو عەلی عەبدولعەزیز بەر لە ڕووخانی سەدام لە لێدوانێکدا گووتی" گەر ئەمەریکا هێرش بکاتە سەر ئێراق ، ئێمە لەدژی ئەمەریکا شەڕ دەکەین". ئەی هەر ئەو جاش ئیسلامیە نیە بەگوێرەی دیدارێکی لەگەلّ هاولاّتی ژمارە 175 چوارشەممە 26.5.2004 لاپەڕە 5 و ووتارێکی ئەلسەفیر ئەللوبنانی ڕۆژی 10.5.2004 و دیدارێکی تری ئەو زادە پاکە لەگەلّ هەفتەنامەی ئاسۆ کە لەلایەن ئیبراهیم هەورامی ئەنجام دراوە و لە مانگی مای بلاّوکراوەتەوە، هەروەکو جاشێکی دلّسۆز بۆ تیرۆریستە ئیسلاّمیەکان خۆی نیشان دەدات .

مەلا عەلی دانبەوەدا دەنێت کە بەشداری کۆنگرەیەکی ئیسلاّمیە تیرۆریستەکانی کردوەو لەگەلّ عەبدولجەبار ئەلکوبەیسی و موسەنا حارس ئەلزاری سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیەی کردوە ، لایەنەکانی بەشداربوو لە کۆنگرەکەدا پێشنیاری پەیمانی تێکگەیشتن و کاری نیشتمانیان کرد ، بەگوێرەی ئەو پەیمانە لایەنە بەشداربوەکان ڕایانگەیاندو پابەندن کە ، بەشداری لە هیچ داموودەزگایەک نەکەن لەژێر سێبەری داگیرکردندا ، پابەندبوون بە یەکیەتی خاک و گەلّ و سەروەری ئێراق ، ئێراق وولاّتێکی عەرەبیە، کارکردن بۆ دووبارە دروستکردنەوەی سووپا و هەلّوەشاندنەوەی میلیشیاکان .

مەلا عەلی بەقسەی خۆی بێت بۆ بەرژەوەندی کوردو کوردستان بەشداری ئەو کۆنگرەیەی کردوە. دیارە بەلای ئەوەوە بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کە کوردستانیش بە خاکی عەرەب بناسرێت! یان مەلا وەکو جاشێکی دلّسۆز بە ئیسلاّمیەت، کوردستانی پێشکەش بە ئیسلاّم و عروبە کرد. مەلا جاش لە بەئاگایی یان بێئاگایی خۆی بێت، بزانێ و نەزانێت ( بۆ سمێلّ چوو، ڕیشیشی نایە بانێ)، لێرەدا هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان مەلا عەلی و تەها جەزراوی، تەها محێدین و ئومێد مەدحەتی نامۆبارەک کە بۆ ڕازی بوونی سەدام، نەفرەتیان لە کوردو کوردستان کردو بەشداری تەعریبیان کردو تەنانەت پێشمەرگەی برینداریشیان دایەوە دەست بەعسیەکان.

لە دیاری ئەو جاش ئیسلامیەدا لەگەلّ (ئاسۆ) دا دەبێژێت" بەڕاستی ڕووداوەکانی (فەلوجە) مایەی سەرکەوتن بوو بۆ موسلّمانان، نەک موسلّمانانی ئێراقی بەلّکو هەموو دنیا.. چۆن ئێستا هەلّەبجە بوەتە ڕەمزی کورد، (فەلوجە)ش بووەتە ڕەمزی سەرکەوتنی موسلّمانان".

مەلا عەلی هەلّەبجەی بێتاوان و قوربانی دەستی زۆردار و فەلوجەی بنکەی تیرۆریستان و فیدائیانی سەدام و بکوژی بێتاوانان بەیەک چاو سەیر دەکات ، بەمەش سووکایەتی بە هەلّەبجە و پیرۆزیەکانی کورد دەکات و پشتیوانی خۆی دەردەبڕێت بۆ تیرۆریستان و مرۆڤ کوژان ، لەهەمان کاتدا عەلی عەبدولعەزیز ڕەوایەتی

www.kurdistannet.org

دەدات بە کارە تیرۆریستەکانی فیدائیانی سەدام ، پیشتیوانانی ئیسلام، قاعیدەو هەموو ڕێکخراوە ئیسلامیە تێکدەرەکانی تر کە لە فەلوجە یەکیان گرتووە.
لە ژمارە 56 ی باسەرە چوارشەممە 9 ی حوزەیرانی 2004 دا لە لاپەرە 5 دا برایەک بەناوی توانا کەرکوکی ووتارێکی کورتی نووسیوە، کە تیایدا پەردەی لەسەر جاشێتی مەلا ئازاد لاداوە . مەلا ئازاد یەکێکی ترە لە جاش ئیسلام و سەدامیەکان ، ئەو جاش ئیسلامیە تەنانەت خۆیشی بە عەرەب دەزانێ لە ڕقی پشتیوانیکردنی کورد لە هێزی هاوپەیمانان بۆ ڕووخاندنی سەدام ، خۆزگە ئەو خۆفرۆشە ناوەکەی خۆیشی دەکرد بە (ئەلحور) یان (عەبدولحور)، تاوەکو هیچ نیشانەیەکی کوردی پێوە نەدەماو کورد مورتاح دەبوو، چوونکە کورد هەرگیز دڵی خۆشنیە بەبوونی زۆڵە کوردێکی خۆفرۆش لە چەشنی مەلا (عەبدولحور) .
مەلا (عەبدولحور) کە خاوەنی خوتبەی ئایینی لەم چەشنە بێت ، چۆن کورد حەز لە لەکۆڵبوونەوەی شێرپەنجەیەکی وا ناکات؟ ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لە خوتبە بێماناو بێسەرو بەرەکانی ئەو بەناو مەلا خۆفرۆشەیە .
(وەڵڵا... وەڵڵا ئەگەر بێتو سەدام بکەوێت ، سەرپۆشی ژنەکانتان دەکەوێت ، واتە شەرەف و غیرەت و ناموستان نامێنێت) .
( وەڵڵا.. وەبییلا.. وەتیلا، کە هەرسێکی ناوی خوایە، ئەوەی بەدڵ حەز بکات ئەمەریکا بێتە ناو عێراقەوە نە کوردە نە موسڵمانە نە شەرەفیشی هەیە).
( وەڵڵا... وەڵڵا، ئەوەی بۆ سەدام شەڕ نەکات و حەز بکات ئەمەریکا داخلی عێراق بێت سێ بە سێ تەڵاقی دەکەوێت).
گەر بەقسەی جاش ئیسلامێکی وەکو مەلا عەبدولحور بێت ، لە سەرووی 90%ی کورد نە کوردەو نە موسلمانە و نە شەرەف و نە تەڵاقیشی هەیە ، چونکە دڵنیام لەوەی کە زۆرتر لەو ڕێژەیە حەزی بە ڕووخانی سەدام و هاتنی ئەمەریکا بوو ، بەڵام پێشینان ووتوویانە (ڕووبار بەدەمی سەگ پیس نابێت) .

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET